# سیفەتی

# دۆزەخ و خەڵکەکەی

---

نوسینی

الشيخ: إبراهيم بن عبد الله المزروعي

وەرگێڕانی

ستافی ماڵپەڕی وەڵامەکان

---

لە بڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org

walamakan.com

إنَّ الحمد لله، نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا، مَن يهده الله فلا مضل له، ومَن يُضلِل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله، أما بعدُ:

## پێشەكی:

ئاگری دۆزەخ ئەو شوێنەیە كە خوای گەورە ساز و ئامادەی كردووە بۆ بێ باوەڕان، كە سەرشۆڕی و ڕیسوایی هەرەگەورەیە و دۆڕان و زەرەرمەندی هەرە مەزنە، خوای گەورە دەفەرموێت: {رَبَّنَا إِنَّكَ مَنْ تُدْخِلِ النَّارَ فَقَدْ أَخْزَيْتَهُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ}[آل عمران:١٩٢]. واتە: ئەی پەروەردگارمان لە ئاگر ڕزگارمان بكە ، چونكە تۆ ـ ئەی خوایە ـ هەركەس بخەیتە ئاگرەوە بەهۆی گوناهی خۆیەوە ئەوا ئابڕووت بردووە و سووكت كردووە ، وە گوناهبارە ستەمكارەكان هیچ كەسێكیان نیە كە سزا و تۆڵەی خوایان لەسەر هەڵگرێت لە ڕۆژی زیندوبوونەوەدا .

وە دۆزەخ دروستكراوە و لەناوناچێت و نەمانی بەسەردا نایەت و ئێستا بوونی هەیە و ئامادەكراوە بۆ بێباوەڕان، وەكو ڕاڤەكاری تەحاویە دەڵێت: " ئەهلی سوننە ڕێك و هاوڕان لەسەر ئەوەی كە هەریەك لەبەهەشت ودۆزەخ دروست كراون و ئێستا بوونیان هەیە ".

لە هەردوو كتێبە صەحیحەكەی فەرموودەدا هاتوە كە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (إِنِّي رَأَيْتُ الجَنَّةَ، فَتَنَاوَلْتُ عُنْقُودًا، وَلَوْ أَصَبْتُهُ لَأَكَلْتُمْ مِنْهُ مَا بَقِيَتِ الدُّنْيَا، وَأُرِيتُ النَّارَ، فَلَمْ أَرَ مَنْظَرًا كَاليَوْمِ قَطُّ أَفْظَعَ، وَرَأَيْتُ أَكْثَرَ أَهْلِهَا النِّسَاءَ)([١]).

واتە: من بەهەشتم بینی ودەستم برد بۆ بۆڵە تریێیەك و ئەگەر بەردەستم بکەوتایە ئەوا هەتا دونیا دەما لێتان دەخوارد، و دۆزەخم پیشان درا و هەرگیز هیچ دیمەنێکم نەبینیوە لەو سامناك تر بێت و بینیم زۆربەی ئەهلەکەی ئافرەتانن.

وە لە کتێبی (الموطأ) وسونەنەکاندا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (إِنَّمَا نَسَمَةُ الْمُؤْمِنِ طَيْرٌ يَعْلَقُ فِي شَجَرِ الْجَنَّةِ، حَتَّى يَرْجِعَهُ اللَّهُ إِلَى جَسَدِهِ يَوْمَ يَبْعَثُهُ)([٢]). واتە: رۆحی هەر باوەڕدارێك باڵندەیەکە بەسەر دارێکی بەهەشتەوەیە، هەتا خوای گەورە دەیگەڕێنێتەوە بۆ لاشەکەی لەو رۆژەی زیندووی دەکاتەوە.

چەند فریشتەیەك کراون بە کاربەدەستی دۆزەخ کە گەورەن و سەرپێچی فەرمانی خوا ناکەن لەوەی پێیان دەسپێردرێت، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: {نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلائِكَةٌ غِلاظٌ شِدَادٌ}[التحريم:٦]. واتە: ئاگرێك کەکۆمەڵە فریشتەیەکی بەهێزی بێ بەزەیی و توند لە مامەڵەکردنیان سزای خەڵکەکەی دەدەن.

## سیفەتی دۆزەخ:

شوێنی ئێستای ئاگر خوای گەورە نەبێت کەس نایزانێت و ئەم بۆچونەش ڕاستترین بۆچونە لەنێو بۆچونەکاندا لەبەر نەبوونی بەڵگە.

## گەورەیی و فراوانی دۆزەخ:

زۆرفراوان و گەورەیە، و بنەکەی دوورە واتە قووڵە، بەشێوەیەك کە جێگەی ژمارەیەکی ئێجگار زۆری بێباوەڕی تێدا دەبێتەوە و هێشتا شوێنی تریشی تێدایە بۆ جگە لەوان.

لە ئەنەسەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (لَا تَزَالُ جَهَنَّمُ يُلْقَى فِيهَا وَتَقُولُ: هَلْ مِنْ مَزِيدٍ، حَتَّى يَضَعَ رَبُّ الْعِزَّةِ فِيهَا قَدَمَهُ، فَيَنْزَوِي بَعْضُهَا إِلَى بَعْضٍ وَتَقُولُ: قَطْ قَطْ، بِعِزَّتِكَ وَكَرَمِكَ)([٣]).واتە: بەردەوام دۆزەخ خەڵکی تێ فڕێ دەدرێت و دەڵێت: زیاتر ماوە بێت؟ هەتا خوای بێ وێنە قاچی خۆی تێ دەخات و هەندێکی دەخاتە پاڵ هەندێکی تری و دەڵێت: بەسمە بەسمە بە عیززەت و کەرەمت.

لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە لە ئەبوهورەیرەوە کە دەڵێت: (كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، إِذْ سَمِعَ وَجْبَةً، فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «تَدْرُونَ مَا هَذَا؟» قَالَ: قُلْنَا: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: «هَذَا حَجَرٌ رُمِيَ بِهِ فِي النَّارِ مُنْذُ سَبْعِينَ خَرِيفًا، فَهُوَ يَهْوِي فِي النَّارِ الْآنَ)([٤]).واتە: لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بووین ﷺ دەنگێك بیسترا، پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمووی: " دەزانن ئەوە چی بوو" وتمان: خواو پێغەمبەرەکەی دەزانن، ئەویش فەرمووی: ئەوە بەردێك بوو حەفتا ساڵە فڕێ دراوەتە ناو دۆزەخەوە، و ئێستا کەوتە بنەکەی.

خوای گەورە دەفەرمویێت: {وَجِيءَ يَوْمَئِذٍ بِجَهَنَّمَ}[الفجر:٢٣]، واتە: وە لەو ڕۆژە گەورەدا دۆزەخیش هێنرا.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویێت: (يُؤْتَى بِجَهَنَّمَ يَوْمَئِذٍ لَهَا سَبْعُونَ أَلْفَ زِمَامٍ، مَعَ كُلِّ زِمَامٍ سَبْعُونَ أَلْفَ مَلَكٍ يَجُرُّونَهَا)([٥])، واتە: دۆزەخ دەهێنرێت لەو ڕۆژەدا حەفتا هەزار ڕەشمەی هەیە و لەگەڵ هەر ڕەشمەیەكدا حەفتا هەزار فریشتە هەیە كە ڕای دەكێشن.

جا ئاگری دۆزەخ گەورە وفراوانە و گەرمیەكەی جیاوازە و یەك ڕێژە و یەك پلە نییە، و دوڕوەكان لە پلەی هەرەخوارەوەی ئاگردان.

## دەرگاكانی دۆزەخ:

خوای گەورە دەفەرمویێت: {وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمَوْعِدُهُمْ أَجْمَعِينَ * لَهَا سَبْعَةُ أَبْوَابٍ لِكُلِّ بَابٍ مِنْهُمْ جُزْءٌ مَقْسُومٌ}[الحجر ٤٣ :٤٤]. واتە: وە بێگومان ئاگری بە تین دانراوە بۆ ئیبلیس و هەموو شوێنكەوتووانی كە دۆزەخە ، و حەوت دەرگای هەیە هەر یەكەیان لەوی تر نزمترە ، و بۆ هەموو دەرگایەك بەشێكی دیاریكراو هەیە لەشوێنكەوتووانی ئیبلیس بە پێی كردەوەكانیان.

## سووتەمەنی دۆزەخ:

خوای گەورە دەفەرمویێت: {فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا وَلَنْ تَفْعَلُوا فَاتَّقُوا النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ}[البقرة:٢٤]، واتە: ئاخۆ ئەگەر لە ئێستادا نەتانتوانی ـ ولە ئایندەشدا هەر ناتوانن و مەحالە ـ دەی کەوابوو خۆتان لەو ئاگرە بپارێزن بە باوەڕهێنان بە پەیامبەر ﷺ وگوێڕایەڵی کردنی خوای بەرز و بلند ، ئەو ئاگرەی کە سوتەمەنیەکەی خەڵك و بەردە ، و ئامادەکراوە بۆ ئەوانەی بێباوەڕ و کافرن بە خوای پەروەردگار و بەپەیامبەرەکەی ﷺ .

خوای گەورە دەفەرمویێت: {قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ}[التحريم:٦]، واتە: وە ماڵ و منداڵتان بپارێزن بەوەی کە خۆتانی پێدەپارێزن لە ئاگرێك کە سووتەمەنیەکەی مرۆڤ و بەردە.

خوای گەورە دەفەرمویێت: {إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ}[الأنبياء:٩٨]. واتە: بێگومان ـ ئەی بێباوەڕان ـ ئێوە و ئەوانەی کە دەتانپەرستن لە بت و ئەوانەشی کە ڕازیبووە بە پەرستنی ئێوە بۆیان لەمرۆڤ و جنۆکە ، دەبنە خۆراك وسوتەمەنی دۆزەخ ، ئێوە وئەوان دەڕۆنە ناویەوە و تێیدا دەمێننەوە .

**دۆزەخ گەرمیەكەی زۆر سەخت و گەرمە:** خوای گەورە دەفەرموێت: {نَارٌ حَامِيَةٌ}
بێگومان دۆزەخ ئاگرێكی گەرم كراوە بەهۆی سوتەمەنیەوە .

{تَرْمِي بِشَرَرٍ كَالْقَصْرِ} بێگومان دۆزەخ پریشكی ئاگری وا دەهاوێژێت هەر پریشكێكی بە ئەندازەی بونیادێكە لە گەورەیی و بەرزیدا.

{وَمَا أَدْرَاكَ مَا سَقَرُ * لا تُبْقِي وَلا تَذَرُ * لَوَّاحَةٌ لِلْبَشَرِ}

واتە: ، وە تۆ چوزانیت دۆزەخ چیە ؟ هیچ ناهێڵێتەوە لە گۆشت و ئێسقان هەمووی پێكەوە دەسوتێنێت ، ڕوخسار دەگۆڕێت ، و پێست ڕەش دەكاتەوە ، و دەیسوتێنێت.

وە هەروەها دۆزەخ هەموو شتێك دەخوات و دەگرێت و هەرهەمویشی لەناودەبات و دەیسوتێنێت، خوای گەورە دەفەرموێت: {كُلَّمَا خَبَتْ زِدْنَاهُمْ سَعِيرًا}[الإسراء:٩٧]

واتە: ، وهەر كاتێك كەئاگرەكەی دابمركێتەوە ، وئاگرەكەی كزبێتەوە ، ئەوا گروبڵێسەی زیاتر دەكەینەوە .

وە بێباوەڕان تام و چێژی ئاسوودەیی و پشودان ناكەن و بۆیان نییە: وەكو دەفەرموێت: {فَلا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ الْعَذَابُ وَلا هُمْ يُنصَرُونَ}[البقرة:٨٦].

واتە: بۆیە سزایان لەسەر سوك ناكرێتەوە ، و هیچ سەرخەرێكیشیان نیە سەریانبخات لە سزای خوای پەروەردگار .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:

(نَارُكُمْ هَذِهِ الَّتِي يُوقِدُ ابْنُ آدَمَ جُزْءٌ مِنْ سَبْعِينَ جُزْءًا، مِنْ حَرِّ جَهَنَّمَ)([٦])

واتە: ئەم ئاگرەتان کە ئادەمیزاد دای دەگیرسێنێت بەشێکە لە حەفتا بەشی گەرمی ئاگری دۆزەخ.

بەڵــــکو لەبەر گەرمیەکەی هەندێکی هەندێ بەشی تری دەخوات وەکو لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:

(اشْتَكَتِ النَّارُ إِلَى رَبِّهَا فَقَالَتْ: رَبِّ أَكَلَ بَعْضِي بَعْضًا، فَأَذِنَ لَهَا بِنَفَسَيْنِ: نَفَسٍ فِي الشِّتَاءِ وَنَفَسٍ فِي الصَّيْفِ، فَأَشَدُّ مَا تَجِدُونَ مِنَ الحَرِّ، وَأَشَدُّ مَا تَجِدُونَ مِنَ الزَّمْهَرِيرِ)([٧]).

واتە: ئاگر سکاڵای بردە لای پەروەردگاری و وتی: هەندێکم هەندێکمی خوارد، خوای گەورەش ڕێگەی پێ دا کە دوو نەفەس بدات: نەفەسێك لە زستاندا و نەفەسێك لە هـــاویندا، جا توندترین ئەو گەرمایەی کە هەستی پێ دەکەن لە گەرمی دۆزەخەوەیە و توندترین ئەو سەرمایەشی کە هەستی پێ دەکەن لە زەمهەریرەوەیە.

## ئەهلی دۆزەخ و تاوانەکانیان:

ئەو خەڵکانەی کە دەخرێنە ناو دۆزەخەوە بەهەتاهەتایی تێیدا دەمێننەوە ئەوانە هەرگیز لێی دەرناچن و نامرن و لەناوناچن ئەوانەش بریتین لە بێباوەڕ هاوبەش پەیداکەرەکان و دورووەکان، وەکو خوای گەورە دەفەرموێـت:{وَالَّذِينَ كَفَرُوا لَهُمْ نَارُ جَهَنَّمَ لا يُقْضَى عَلَيْهِمْ فَيَمُوتُوا وَلا يُخَفَّفُ عَنْهُمْ مِنْ عَذَابِهَا}[فاطر:٣٦].

واتە: وە ئەوانەشی کە بێباوەڕبوون بەخوای پەروەردگار و پەیامبەرەکەی ، ئەوا ئاگری بڵێسەداری دۆزەخیان بۆ هەیە ، و بڕیاری لەناوچوونیشیان نادرێت تا بمرن وئیسراحەت بکەن ، و سزاشیان لەسەر کەم ناکرێتەوە ، ئا بەم جۆرە سزایە خوای گەورە پاداشتی هەمو کەسێك دەداتەوە کە زیادڕەوی بکات لە بێباوەڕی وسوربێت لەسەری .

وە ئەوانەی کە ناویان هێنراوە بەوەی کە لە ئەهلی ئاگرن، لەوانە:

- فیرعەون: خوای گەورە دەفەرموێت: {يَقْدُمُ قَوْمَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَأَوْرَدَهُمُ النَّارَ}[هود:٩٨]. واتە: لەڕۆژی زیندوبونەوە و قیامەتدا فیرعەون پێش گەلەکەی دەکەوێت تا دەیانباتە ئاگری دۆزەخەوە.

- ژنەکەی پێغەمبەر نوح و پێغەمبەر لوط خوای گەورە دەفەرموێت: {وَقِيلَ ادْخُلا النَّارَ مَعَ الدَّاخِلِينَ}[التحريم:١٠]. واتە: بە هەردوو ژنەکەیان ووترا : بچنە دۆزەخەوە لەگەڵ ئەوانەی کە دەچنە ناویەوە .

o ئەبولەھەب وژنەکەی: خوای گەورە دەفەرموێت: {سَيَصْلَى نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ * وَامْرَأَتُهُ حَمَّالَةَ الْحَطَبِ}[المسد ٣ :٤]، وغيرهم. واتە: لە دوارۆژدا دەڕواتە ئاگرێکی گڕگرتووی بڵێسەداروە ، خۆی و ھاوسەرەکەشی کە دڕکی ھەڵدەگرت و دەیخستە سەر ڕێگەی پەیامبەری خوا ﷺ ، بەمەبەستی ئەزیەتدانی .

وە ھەروەھا جگە لەوانیش ھاتووە.

## ئەوانەی کە دەچنە ناو دۆزەخەوە بەڵام بە ھەتاھەتایی تێیدا نامێننەوە:

ئەوانە کەسانی یەکخواپەرستن: تاوانی زۆریان ھەیە کە لە چاکەکانیان زۆرترە، ومیزانی چاکەکانیانی سووک کردووە، جا ئەوانە ئەگەر خوای گەورە ویستی لێ ھەبێت دەڕۆنە دۆزەخەوە وپاشان بە شەفاعەت وتکای شەفاعەتکاران دەردەھێنرێن و خوای گەورەش بە ڕەحمەتی خۆی خەڵکانێك لە دۆزەخ دەردەکات کە ھەگیز چاکەیان نەکردووە.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (يُعَذَّبُ نَاسٌ مِنْ أَهْلِ التَّوْحِيدِ فِي النَّارِ حَتَّى يَكُونُوا فِيهَا حُمَمًا ثُمَّ تُدْرِكُهُمُ الرَّحْمَةُ فَيُخْرَجُونَ وَيُطْرَحُونَ عَلَى أَبْوَابِ الجَنَّةِ)([٨]).واتە: کەسانێکی تاوانباری یەکخواپەرست لەناو دۆزەخدا سزا دەدرێن ھەتا دەبن بە خەڵوز پاشان ڕەحمەتی خوا پێیان دەگات و دەردەکرێن و دەخرێنە لای دەرگاکانی بەھەشت.

## ئەو تاوانانەی کە بەڵێنی ئاگریان لەسەرە بەڵام خاوەنەکەی بەهەتاهەتایی لەئاگردا نامێنێتەوە:

١- ئەو گروپانەی کە پێچەوانەی سوننەتن: لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە باسی دەستە رزگاربووەکە دەکـــات و دەفەرموێت: (كُلُّهَا فِي النَّارِ، إِلَّا وَاحِدَةً)([٩]).واتە: هەموویان لەئاگردان تەنها یەکێکیان نەبێت.

٢- ئەوانەی ستەم دەکەن لە حوکمدا: لە سوننەنی ئەبی داود دا هاتووە کە پێغەمبەری خـــوا ﷺ فەرموویەتی: (الْقُضَاةُ ثَلَاثَةٌ: وَاحِدٌ فِي الْجَنَّةِ، وَاثْنَانِ فِي النَّارِ، فَأَمَّا الَّذِي فِي الْجَنَّةِ فَرَجُلٌ عَرَفَ الْحَقَّ فَقَضَى بِهِ، وَرَجُلٌ عَرَفَ الْحَقَّ فَجَارَ فِي الْحُكْمِ، فَهُوَ فِي النَّارِ، وَرَجُلٌ قَضَى لِلنَّاسِ عَلَى جَهْلٍ فَهُوَ فِي النَّارِ)([١٠]). واتە: دادوەرەکان سێ جۆرن: یەکێکیان لە بەهەشتە و دووانەکەی تریان لە دۆزەخدایە، ئەوەیان کەلە بەهەشتدایە پیاوێکە کە حەق دەناسێت و قەزاوەتی پێ دەکات، بەڵام ئەو پیاوەی کە حەق دەناسێت و کەچی ستەم دەکات لەحوکمدا ئەوە لە ئاگردایە و ئەو پیاوەشی کە بەنەزانین قەزاوەت دەکات بۆ خەڵکی ئەوەش لە ئاگردایە.

٣- درۆکردن بەناوی پێغەمبەری خـــواوە ﷺ : لە هەردوو کتێبە صەحیحەکەی فەرمووددەدا هاتووە لە عەلیەوە رضي الله عنه کە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (لَا تَكْذِبُوا عَلَيَّ فَإِنَّهُ مَنْ يَكْذِبْ عَلَيَّ يَلِجِ النَّارَ)([١١]). واتە: درۆ بەناوەوە مەکەن چونکە ئەوەی بەناوی منەوە درۆ بکات ئەوا دەچێتە ناو ئاگرەوە.

٤- خۆبەگەورە زانین: لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنْ كِبْرٍ، الْكِبْرُ بَطَرُ الْحَقِّ، وَغَمْطُ النَّاسِ)([١٢]). واتە: ناچێتە بەهەشتەوە ئەو کەسەی بەئەندازەی قورسی گەردیلەیەك خۆبەگەورەزانین لەناخیدا هەبێت ، و خۆبەگەورەزانینیش بریتیە لە ڕەدکردنەوەی حەق و خەڵك بەکەم زانین.

وە هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (يُحْشَرُ الْمُتَكَبِّرُونَ يَوْمَ القِيَامَةِ أَمْثَالَ الذَّرِّ فِي صُوَرِ الرِّجَالِ يَغْشَاهُمُ الذُّلُّ مِنْ كُلِّ مَكَانٍ)([١٣]). واتە: خۆبەگەورەزانەکان لە ڕۆژی دواییدا وەکو مێروولە وردەکان حەشر دەکرێن لەسەر شێوەی مرۆڤدا کە زەلیلی وسەرشۆڕی لەهەموو لایەکەوە دەیانگرێـــتـــەوە.

٥- کوشتنی نەفسێك بەناحەق: خوای گەورە دەفەرموێت: {وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا}[النساء:٩٣]. واتە: هەرکەسێك دەستدرێژی بکاتە سەر باوەڕدارێك وبەئەنقەست وبەناحەق بیکوژێت ، ئەوا عاقیبەتی دۆزەخە بەهەمیشەیی تێیدا ئەمێنێتەوە.

٦- سوو خـواردن: خوای گەورە دەفەرموێت: {وَمَنْ عَادَ فَأُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ}[البقرة:٢٧٥]. واتە: هەر کەسێش گەڕایەوە بۆ خواردنی ڕیبا ( سوو ) ، پاش پێگەیشتنی یاساغی و نەهیی خوا ، ئەوا سزای پێویست کردووە لەسەر خۆی ، و بەڵگەی لەسەر چەسپاوە ، ئەوانەن نیشتەجێی دۆزەخن و بەهەتاهەتایی تێیدا دەمێننەوە .

٧- خواردنیماڵی خەڵکی بە ناڕەوا بەتایبەت هەتیوو: خوای گەورە دەفەرمویێت:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلَّا أَنْ تَكُونَ تِجَارَةً عَنْ تَرَاضٍ مِنْكُمْ وَلا تَقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا * وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ عُدْوَانًا وَظُلْمًا فَسَوْفَ نُصْلِيهِ نَارًا وَكَانَ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرًا}[النساء ٢٩ : ٣٠].

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان بە خوای پەروەردگار و پەیامبەرەکەی ﷺ هێناوە و بەڕاستان زانیون و کردەوەتان بە شەرعەکەی کردووە ، بۆتان حەڵاڵ نیە هەندێکتان ماڵی هەندێکی ترتان بە ناڕەوایی بخۆن ، جگە لەوە نەبێت کە بەپێی شەرعی خوای پەروەردگار و کاسبیەکی حەڵاڵ و بە ڕەزامەندی نێوان خۆتان بێت ، وە یەکتر مەکوژن چونکە خۆتان بەهەلاکەتدا دەبەن بەئەنجامدانی قەدەغەکراوەکانی خوای پەروەردگار و سەرپێچیەکانی . بێگومان خوای پەروەردگار بەڕەحم و بە بەزەییە لە هەموو ئەوانەی کە فەرمانی پێکردوون ، و ئەوانەشی کە یاساغی لێکردوون . وە هەرکەسێك کارێك یان شتێك لەوانە بکات کە خوای پەروەردگار یاساغی لێکردوون : لە بردنی ماڵ و سامانی حەرام وەکو دزی و داگیرکردن و خەڵەتاندن (گزی) ، بەستەم لێکردن و دەرچوون لە سنورەکانی شەرع ، ئەوا خوای پەروەردگار دەیخاتە ناو ئاگرێك کە گەرمیەکەی بچێژێت ، وە ئەو کارەش لە لای خوای پەروەردگار زۆر ئاسانە.

خوای گەورە دەفەرمویێت: {إِنَّ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَالَ الْيَتَامَى ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ نَارًا وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا}[النساء:١٠]. واتە: ئەو کەسانەی دەست درێژی ئەکەنە سەر ماڵ و سامانی هەتیو ، و بەستەم و ناهەق دەیبەن و دەیخۆن ، با بزانن ئەوانە لە ڕۆژی دواییدا ئاگرێك دەخۆن لە سکیاندا گردەگرێت ، و دەڕۆنە ئاگرێکەوە گەرمیەکەی ئەچێژن.

٨ و ٩- ئەو ئافرەتانەی کە جلیان لەبەردایە و ڕووتیشن ، وە هەروەها ئەوانەی کە سزای خەڵکی دەدەن ولەپشتی خەڵکی دەدەن بە ستەم وناڕەوا:

پێشەوا موسلیم لە ئەبوهورەیرەوە ریوایەتی کردووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا، قَوْمٌ مَعَهُمْ سِيَاطٌ كَأَذْنَابِ الْبَقَرِ يَضْرِبُونَ بِهَا النَّاسَ، وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ مُمِيلَاتٌ مَائِلَاتٌ، رُؤُسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ)([١٤]). واتە: دوو جۆر لە ئەهلی ئاگر هەن من نەیانمبینیوە، ئەوانیش :

یەکەمیان کەسانێکە کە قامچیان بەدەستەوەیە وەکو کلکی مانگا وایە و پێی لە خەڵك دەدەن .

دوەمیشیان : ئافرەتانێکن جلیان لەبەردایە ورووتیشن (لەبەر تەنکی یان تەسکی یان کورتی) دڵی پیاوان بەلای خۆیاندا کەمەندکێش دەکەن و بەلەنجەولارەوە بەرێدا دەڕۆن ولەحەق لادەدەن و قژیان بەشێوەیەك کۆدەکەنەوەوە و دەیبەستن وەکو سەرپشتی ووشتـــری ملدرێژ.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (إِنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَذَابًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَشَدُّهُمْ عَذَابًا لِلنَّاسِ فِي الدُّنْيَا)([١٥]). واتە: سەختترین سزای خەڵکی لە ڕۆژی دواییدا ئەوانەن کە سەختترین سزای خەڵکیان داوە لە دونیادا.

١٠- وە یەکێکی تر لەو تاوانانەی کە هەڕەشەی ئاگری لەسەرە ئەوانە کە ئاژەڵان سزا دەدەن: لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە لە جابرەوە کە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (عُرِضَتْ عَلَيَّ النَّارُ، فَرَأَيْتُ فِيهَا امْرَأَةً مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ تُعَذَّبُ فِي هِرَّةٍ لَهَا، رَبَطَتْهَا فَلَمْ تُطْعِمْهَا، وَلَمْ تَدَعْهَا تَأْكُلُ مِنْ خَشَاشِ الْأَرْضِ)([١٦]). واتە: ئاگرم پیشان درا، ئافرەتێکی بەنی ئیسرائیلم تێیدا بینی سزا دەدرا بەهۆی پشیلەیەکیەوە کە بەستبویەوە وخواردنی پێ نەدەدا و نەشی دەهێشت بۆ خۆی بڕوات خواردن پەیدا بکات و لە مار و مێرولەی سەر زەوی بخوات.

وە لە سونەنی نەسائیدا هاتووە لە ابن عومەرەوە کە دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرمووی: (لَعَنَ اللَّهُ مَنْ مَثَّلَ بِالْحَيَوَانِ)([١٧]). واتە: نەفرەتی خوا لەو کەسەی کە ئەندامی گیانەوەرێك دەبڕێتەوە بەزیندوویی.

١١- نەبوونی ئیخلاص لە فێربوونی زانستی شەرعیدا: لە جابرەوە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (لَا تَعَلَّمُوا الْعِلْمَ لِتُبَاهُوا بِهِ الْعُلَمَاءَ، وَلَا لِتُمَارُوا بِهِ السُّفَهَاءَ، وَلَا تَخَيَّرُوا بِهِ الْمَجَالِسَ، فَمَنْ فَعَلَ ذَلِكَ فَالنَّارُ النَّارُ)([١٨]). واتە: فێری زانست مەبن بۆ ئەوەی خۆتانی پێ هەڵکێشن لای زانایان، یان دەمەدەمێی پێ بکەن لەگەڵ نەزان ونەفامەکاندا، وەیاخود بۆ ئەوەی پێش بخرێت لە ناو مەجلیسدا و ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەوەی ئەم کارە بکات ئەوا ئاگر ئاگری بۆ هەیە.

١٢- خۆکوشتن: لە هەردوو کتێبە صەحیحەکەی فەرمووددا هاتووە لە ئەبی هورەیرەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (مَنْ قَتَلَ نَفْسَهُ بِحَدِيدَةٍ فَحَدِيدَتُهُ فِي يَدِهِ يَتَوَجَّأُ بِهَا فِي

بَطْنِهِ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا، وَمَنْ شَرِبَ سُمًّا فَقَتَلَ نَفْسَهُ فَهُوَ يَتَحَسَّاهُ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا، وَمَنْ تَرَدَّى مِنْ جَبَلٍ فَقَتَلَ نَفْسَهُ فَهُوَ يَتَرَدَّى فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا)([١٩]).

واتە: هەركەسێك خۆی بە ئاسنێك بكوژێت ئەوا ئاسنەكەی بەدەستەوەیە و دەیكات بە سكی خۆیدا لەناو ئاگری دۆزەخدا بەهەتاهەتایی، وە ئەوەی خۆی دەرمانخوارد بكات وخۆی بكوژێت ئەوا بەبەردەوامی ئەو ژەهرەی دەرخوارد دەدرێت لەناو ئاگری دۆزەخدا بەهەتاهەتایی، وە ئەوەیشی خۆی لەشاخێكەوە بەربداتەوە و خۆی بكوژێت ئەوا لەناو ئاگری دۆزەخدا بەبەردەوامی بەری دەدەنەوە بەهەتاهەتایی.

١٣- بردنی حەقی موسڵمانێك: لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە لە ئەبی ئومامەوە كە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (مَنِ اقْتَطَعَ حَقَّ امْرِئٍ مُسْلِمٍ بِيَمِينِهِ، فَقَدْ أَوْجَبَ اللهُ لَهُ النَّارَ، وَحَرَّمَ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ، فَقَالَ لَهُ رَجُلٌ: وَإِنْ كَانَ شَيْئًا يَسِيرًا يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: وَإِنْ قَضِيبًا مِنْ أَرَاكٍ)([٢٠]). واتە: هەركەسێك حەقی موسڵمانێك بۆ خۆی ببات بە سوێندێكی درۆ، ئەوا خوای گەورە ئاگری لەسەر واجب كردووە و بەهەشتی لەسەر حەرام كردوە، پیاوێك وتی: ئەگەر شتێكی كەم وبچووكیش بێت ئەی پێغەمبەری خوا؟ ئەویش فەرمووی: ئەگەر دار سیواكێكیش بێت.

١٤- خواردنی ماڵی حەرام: لەبەر فەرموودەی:

(كُلُّ جَسَدٍ نَبَتَ مِنْ سُحْتٍ فَالنَّارُ أَوْلَى بِهِ)([٢١]). واتە: هەر جەستەیەك بە حەرام پێگەیشتبێت و گەشەی كردبێت ئەوا ئاگر لە پێشترە بۆی.

١٥- پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:

(مَنْ قَالَ فِي مُؤْمِنٍ مَا لَيْسَ فِيهِ أَسْكَنَهُ اللَّهُ رَدْغَةَ الْخَبَالِ حَتَّى يَخْرُجَ مِمَّا قَالَ)([٢٢])، واتە: هەرکەسێك شتێك بە موسڵمانێك بڵێت و تێیدا نەبێت ئەوا خوای گەورە کێماوو دەرهاویشتەی بۆگەنی ئەهلی دۆزەخی دەرخوارد دەدات هەتا لەوەی وتویەتی دەردەچێـت.

١٦- پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (يَخْرُجُ عُنُقٌ مِنَ النَّارِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، لَهُ عَيْنَانِ يُبْصِرُ بِهِمَا، وَأُذُنَانِ يَسْمَعُ بِهِمَا، وَلِسَانٌ يَنْطِقُ بِهِ، فَيَقُولُ: إِنِّي وُكِّلْتُ بِثَلَاثَةٍ: بِكُلِّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ، وَبِكُلِّ مَنِ ادَّعَى مَعَ اللهِ إِلَهًا آخَرَ، وَالْمُصَوِّرِينَ)([٢٣]).

واتە: ملێك لەناو ئاگری دۆزەخەوە دەردەچێت لە ڕۆژی قیامەتدا کە دوو چاوی هەیە وپێیان دەبینێت ودوو گوێی هەیە و پێیان دەبیستێت و زمانیشی هەیە و قسەی پێ دەکات ودەڵێت: من بۆ سێ جۆر کەس ڕاسپێردراوم: هەموو زۆردارێکی سەرسەخت و هەموو ئەوانەی کە لەگەڵ خوادا هاواریان دەکرد بە خوایەکی تر و بەوێنەگرانیش.

١٧- پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:

(يُجَاءُ بِرَجُلٍ فَيُطْرَحُ فِي النَّارِ، فَيَطْحَنُ فِيهَا كَطَحْنِ الحِمَارِ بِرَحَاهُ، فَيُطِيفُ بِهِ أَهْلُ النَّارِ فَيَقُولُونَ: أَيْ فُلاَنُ، أَلَسْتَ كُنْتَ تَأْمُرُ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَى عَنِ المُنْكَرِ؟ فَيَقُولُ: إِنِّي كُنْتُ آمُرُ بِالْمَعْرُوفِ وَلاَ أَفْعَلُهُ، وَأَنْهَى عَنِ المُنْكَرِ وَأَفْعَلُهُ)([٢٤]).

واتە: پیاوێك دەهێنن و فڕێی دەدەنە ناو ئاگرەوە، بەدەوری ڕیخۆڵەکانی خۆیدا سوڕ دەخوات وەکو گوێدرێژ بە دەوری مێخەکەیدا، و ئەهلی ئاگر دەیبینن و دەڵێن: ئەی فلانە کەس ئەی

تۆ فەرمانت بە چاکە پێ نەدەکردین و نەهیت لێمان نەدەکرد لەخراپە؟ ئەویش دەڵێت: من فەرمانم بە چاکە پێ دەکردن و خۆم نەمدەکرد و نەهیم لێتان دەکرد لە خراپە وخۆمیش دەمکرد.

## زۆری ئەهلی ئـاگـر:

### لە هەر هەزار کەسێك نۆسەد ونەوەدو نۆ کەس دەخرێتە ناو ئاگرەوە:

لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە لە ئەبی سەعیدەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (يَقُولُ اللَّهُ تَعَالَى: " يَا آدَمُ، فَيَقُولُ: لَبَّيْكَ وَسَعْدَيْكَ، وَالخَيْرُ فِي يَدَيْكَ، فَيَقُولُ: أَخْرِجْ بَعْثَ النَّارِ، قَالَ: وَمَا بَعْثُ النَّارِ؟، قَالَ: مِنْ كُلِّ أَلْفٍ تِسْعَ مِائَةٍ وَتِسْعَةً وَتِسْعِينَ، فَعِنْدَهُ يَشِيبُ الصَّغِيرُ، وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا)([٢٥]).واتە: خوای گەورە دەفەرموێت: ئەی ئادەم، ئەویش دەڵێت: بەڵێ ئەی پەروەرگارم خێر لەهەردوو دەستی تۆدایە، ئەویش دەفەرموێت: بەش وپشکی ئاگر دەربکە، ئەویش دەڵێت: بەشی ئاگر چییە وچەندە؟ ئەویش دەفەرموێت: لە هەموو هەزار کەسێك نۆسەد ونەوەد ونۆ کەس، جا لەو کاتەدا منداڵ پیردەبێت و هەموو دووگیانێك سکەکەی دادەنێت.

### وە زۆربەی زۆربەیان ئافرەتانن، بۆچی؟

لەهەردوو کتێبە صەحیحەکەی فەرموودەدا هاتووە لە ئەبی سەعیدەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (يَا مَعْشَرَ النِّسَاءِ تَصَدَّقْنَ فَإِنِّي أُرِيتُكُنَّ أَكْثَرَ أَهْلِ النَّارِ» فَقُلْنَ: وَبِمَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: «تُكْثِرْنَ اللَّعْنَ، وَتَكْفُرْنَ العَشِيرَ)([٢٦]). واتە: ئەی گرۆی ئافرەتان صەدەقە بکەن چونکە ئێوەم بینی زۆربەی ئەهلی ئاگر بوون، ئەوانیش وتیان: بۆچی ئەی پێغەمبەری خوا؟ ئەویش فەرمووی: زۆر نەفرەت دەکەن و بەچاکەی پیاو نازانن.

## خواردن و خواردنەوەی ئەهلی دۆزەخ:

خواردنیان بریتیە لە (الضريعُ والزقّوم) کە دڕکە، وە ئەو خواردنەی کە دۆزەخیەکان دەیخۆن سوودیان پێ ناگەیەنێت و لەزەت وچێژی نییە و سودی بۆ جەستەیان نییە، چونکە تەنانەت خواردنەکەش جۆرێکە لە جۆرەکانی سزا ودەیچێژن، وە خواردنەوەکەشیان بریتیە لە (الحميمُ والغِسلينُ والغسَّاقُ) کە ئەمانەش بریتین لە کێم و زوخاوی پێست ولاشەی دۆزەخیەکان، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: {إِنَّ شَجَرَةَ الزَّقُّومِ * طَعَامُ الأَثِيمِ * كَالْمُهْلِ يَغْلِي فِي الْبُطُونِ * كَغَلْيِ الْحَمِيمِ}[الدخان ٤٣: ٤٦]. واتە: بێگومان بەروبومی داری زەقوم ـ کە لەبنی دۆزەخدا دەڕوێت ـ خۆراکی ئەوانەیە کە تاوانی زۆر ئەنجام دەدەن ، وە گەورەترینی تاوانەکانیش هاوەڵبڕیاردانە بۆ خوای پەروەردگار . بەروبومی داری زەقوم وەکو کانزای تواوەیە لەگەدەی هاوەڵبڕیاردەراندا جۆشدەدا و دەکوڵێت ، وەکو کوڵانی ئەو ئاوەی کە گەشتۆتە ئەوپەڕی بەرزی پلەی گەرما .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (لَوْ أَنَّ قَطْرَةً مِنَ الزَّقُّومِ قُطِرَتْ فِي دَارِ الدُّنْيَا لأَفْسَدَتْ عَلَى أَهْلِ الدُّنْيَا مَعَايِشَهُمْ، فَكَيْفَ بِمَنْ يَكُونُ طَعَامَهُ؟)([٢٧]). واتە: ئەگەر یەك دڵۆپە لەزەقوم بخرێتە ئەم دونیاوە ئەوا ژیان و گوزەرانی ئەهلی دونیا هەموو تێك دەدات، چ جای خواردنی کەسێك بێت؟

خوای گەورە دەفەرموێـــت: {وَسُقُوا مَاءً حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَاءَهُمْ}[محمد:١٥]. واتە: کاتێك کە تینویان دەبێت ئاوی کوڵاوکوڵ کە لەوپەڕی گەرمیدایە دەرخوارد دەدەن و گەدە و ڕیخۆڵەکەیان پارچە پارچە دەکات ؟

خوای گەورە دەفەرموێـت: {إِنَّ لَدَيْنَا أَنكَالًا وَجَحِيمًا * وَطَعَامًا ذَا غُصَّةٍ وَعَذَابًا أَلِيمًا}[المزمل١٢ :١٣]. واتە: بێگومان بۆ ئەوانە لەلای ئێمە لە دوارۆژدا کۆت و زنجیری قورس و ئاگری هەڵگیرساو هەیە پێی دەسوتێنرێن ، وە خواردنێکی قێزەوەن کە گەروو دەگرێت و بە ئاسانی ناچێتە خوارەوە ، لەگەڵ سزای بە ئێش و ئازار .

خوای گەورە دەفەرموێت: {هَذَا فَلْيَذُوقُوهُ حَمِيمٌ وَغَسَّاقٌ}[ص:٥٧]. واتە: ئەم سزایەش ئاوێکی زۆر گەرم ، و کێم و زوخاوێکی شلە کە لەجەستەی ئەهلی ئاگرەوە کەوتۆتەڕێ ، دەبا لێی بخۆنەوە.

## سزای دۆزەخیەکان:

دۆزەخ سزاکەی سەخت وناڕەحەتە بەشێوەیەك کە دۆزەخیەکان هەموو خۆشی ولەزەتەکانی دونیایان بیرەدەچێتەوە:

لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە لە ئەنەسەوە کە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (يُؤْتَى بِأَنْعَمِ أَهْلِ الدُّنْيَا مِنْ أَهْلِ النَّارِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، فَيُصْبَغُ فِي النَّارِ صَبْغَةً، ثُمَّ يُقَالُ: يَا ابْنَ آدَمَ هَلْ رَأَيْتَ خَيْرًا قَطُّ؟ هَلْ مَرَّ بِكَ نَعِيمٌ قَطُّ؟ فَيَقُولُ: لَا، وَاللهِ يَا رَبِّ)([٢٨]).

واتە: خۆشگوزەرانترینی دونیا لە دۆزەخیەکان دەهێنن لە ڕۆژی دواییدا و یەك جار دەیکەن بەناو دۆزەخدا وپێی دەوترێت: ئەی ئادەمیزاد ئایا هەرگیز چێژ و خۆشیت بینیوە؟ ئەویش دەڵێت: نەخێر، سوێند بەخوا ئەی پەروەردگار.

سەختی و تینی ئاگر وا لە مرۆڤ دەکات هۆشیاری و هەستی لەدەست بدات، و وای لێ دەکات پەنا بۆ هەموو دۆست و خۆشەویستەکانی ببات بۆ ئەوەی ڕزگاری بکەن لە ئاگر، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: {يَوَدُّ الْمُجْرِمُ لَوْ يَفْتَدِي مِنْ عَذَابِ يَوْمِئِذٍ بِبَنِيهِ * وَصَاحِبَتِهِ وَأَخِيهِ * وَفَصِيلَتِهِ الَّتِي تُؤْوِيهِ * وَمَنْ فِي الأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ يُنجِيهِ * كَلَّا إِنَّهَا لَظَى}[المعارج ١١ :١٥]. واتە: دەیانبینن و دەیانناسنەوە ، بەڵام کەس ناتوانێت سوود بەوی تر بگەیەنێت . بێباوەڕان بۆ ڕزگاربوونی خۆیان لە سزای ڕۆژی دواییدا ئاواتەخوازن مناڵەکانی یان خێزانەکەی و براکەی یان ئەو عەشیرەتەی لە خۆی گرتووە بە هۆی خزمایەتی پێیان دەکات وە هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی و جگە لەمانەش لە جیاتی خۆی بد نەخێر کار بەو شێوەیە

نیە کە تۆ ـ ئەی بێباوەڕ ـ ئاواتی دەخوازیت لەوەی لەبری خۆت کەسێکی تر بدەیت ، و پاشان ڕزگاری بێت لە سزای خوای پەروەردگار .

دۆزەخیەکان ئەوەندە دەگرین هەتا فرمێسکیان لە چاو نامێنێت و بنبڕدەبێت، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (يُرْسَلُ الْبُكَاءُ عَلَى أَهْلِ النَّارِ، فَيَبْكُونَ حَتَّى يَنْقَطِعَ الدُّمُوعُ، ثُمَّ يَبْكُونَ الدَّمَ حَتَّى يَصِيرَ فِي وُجُوهِهِمْ كَهَيْئَةِ الْأُخْدُودِ، لَوْ أُرْسِلَتْ فِيهَا السُّفُنُ لَجَرَتْ)([٢٩]). واتە: دۆزەخیەکان دەگرین هەتا فرمێسك لەچاویاندا بنبڕدەبێت و پاشان فرمێسکی خوێناوی دەڕێژن و لەڕومەتیاندا وەکو جۆگە وچاڵی لێ دێت، بەشێوەیەك ئەگەر کەشتی تێیدا دانێیت دەڕوات.

## وێنەیەك لە سزایان:

لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (إِنَّ أَهْوَنَ أَهْلِ النَّارِ عَذَابًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ رَجُلٌ، عَلَى أَخْمَصِ قَدَمَيْهِ جَمْرَتَانِ، يَغْلِي مِنْهُمَا دِمَاغُهُ كَمَا يَغْلِي الْمِرْجَلُ وَالْقُمْقُمُ)([٣٠]). واتە: سووکترین سزای دۆزەخیەکان لە ڕۆژی دواییدا پیاوێکە لە ژێر هەردوو پێیەکانیدا دوو پشکۆی ئاگر هەیە کە مێشکی دەکوڵێنێت وەکو چۆن مەنجەڵ شتی تێدا دەکوڵێنرێت.

## ئاگر پێست دەسوتێنێت:

خوای گەورە دەفەرموێت: {كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُمْ بَدَّلْنَاهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا لِيَذُوقُوا الْعَذَابَ}[النساء:٥٦]. واتە: وە هەركە پێستی لاشەیان سوتا پێستێكی تریان بۆ دەگۆڕین ، بۆ ئەوەی سزا و ئازارەكەیان بەردەوام بێت.

خوای گەورە دەفەرموێت: {هَذَانِ خَصْمَانِ اخْتَصَمُوا فِي رَبِّهِمْ فَالَّذِينَ كَفَرُوا قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيَابٌ مِنْ نَارٍ يُصَبُّ مِنْ فَوْقِ رُءُوسِهِمُ الْحَمِيمُ * يُصْهَرُ بِهِ مَا فِي بُطُونِهِمْ وَالْجُلُودُ}[الحج١٩ :٢٠]. واتە: ئەمانە دوو گروپ وكۆمەڵی ڕاجیاواز و پێچەوانەی یەكترن سەبارەت بە پەروەردگاریان : خەڵكانی باوەڕدار و خەڵكانی بێباوەڕ ، هەردوو لا لاف و بانگێشی ئەوە لێدەدەن كە ڕاستی و ڕەوایی لەلای ئەوە ، بەڵام ئەوانەی كە بێباوەڕن سزای ئاگر لەدوارۆژدا چواردەوریان دەدات لەسەر شێوەی جلوبەرگێك كە لەئاگر بۆیان ئامادەكراوە و لەبەری دەكەن ، و جەستەیان دەبرژێنێت ، و ئاوێكی زۆر گەرم كە گەشتبێتە ئەوپەڕی گەرمی دەكرێت بەسەریاندا ، و بەناو لاشەیاندا دەڕواتە خوارەوە وهەرچی تێدابێت دەیتوێنێتەوە ، هەتا دەگاتە پێستیان وئەویش دەبرژێنێت و دەكەوێتە خوارەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: {يَوْمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمْ فِي النَّارِ}[الأحزاب:٦٦]. واتە: لەو ڕۆژەدا ڕوومەتی بێباوەڕان وەردەگێڕرێت لەناو ئاگردا.

خوای گەورە دەفەرموێت: {يَوْمَ يَغْشَاهُمُ الْعَذَابُ مِنْ فَوْقِهِمْ وَمِنْ تَحْتِ أَرْجُلِهِمْ}[العنكبوت:٥٥]. واتە: لەڕۆژی دواییدا سزای دۆزەخ بێباوەڕان دادەپۆشێت لەسەر سەریانەوە ، وە لەژێر پێیانەوە ، جا ئاگر لە هەموو لایەکیانەوە دایان دەپۆشێت.

## خوای گەورە لەناو ئاگردا بۆ دۆزەخیەکان زنجیر و کۆت وبەند وچەکوشی بۆ ئامادەکردوون:

خوای گەورە دەفەرموێت: {إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ سَلاسِلا وَأَغْلالًا وَسَعِيرًا}[الإنسان:٤]. واتە: بێگومان ئێمە کۆت و زنجیری ئاسنینمان بۆ بێباوەڕان ئامادە کردووە قاچەکانیانی پێتوند دەبەسترێتەوە ، وە کۆت و زنجیرێك کە هەردوو دەستیان بە گەردنیانەوە کۆت دەکرێن ، وە ئاگرێك پێی دەسوتێنرێن .

خوای گەورە دەفەرموێت: {إِذِ الأَغْلالُ فِي أَعْنَاقِهِمْ وَالسَّلاسِلُ يُسْحَبُونَ}[غافر:٧١]. واتە: ، دواتر سەرئەنجامی ئەو بێباوەڕی و بەدرۆدانانەیان دەزانن کاتێك کە کۆت دەکرێتە گەردن و قاچەکانیان زنجیر دەکرێت.

## لەبەر ئازاری سەختیان پەشیمان دەبنەوە و هاواردەكەن بەڵام سوودی نییە:

خوای گەورە دەفەرموێت: {وَهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيهَا رَبَّنَا أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَالِحًا غَيْرَ الَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ}[فاطر:٣٧]. واتە: ئەو بێباوەڕانە لەنێو ئاگری دۆزەخدا لەتاو توندی سزاكە هاواردەكەن و داوای فریادڕەسی دەكەن : پەروەردگارا لە نێو دۆزەخ دەرمان بهێنە ، و بمانگێڕەوە بۆ دونیا تا كاری چاكە بكەین و نەك ئەوەی كە پێشتر لەژیانی دونیادا دەمانكردن ، باوەڕدەهێنین لە بری بێباوەڕی.

## لە كۆتاییدا ئاواتی مردن دەخوازن:

خوای گەورە دەفەرموێت: {وَنَادَوْا يَا مَالِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ قَالَ إِنَّكُمْ مَاكِثُونَ} [الزخرف:٧٧]. واتە: ئەو تاوانبارانە كاتێك دەخرێنە دۆزەخەوە بانگی ( مالك ) ـی كاربەدەستی دۆزەخ دەكەن و دەڵێن : ئەی مالك با پەروەردگارت بمانمرێنێت ، بەڵكو بەوە بحەسێینەوە لەو ناڕەحەتیەی كە تێیداین ، مالكیش وڵامیان دەداتەوە : ئێوە تێیدا دەمێننەوە ، و هەرگیز دەرچوونتان نیە و ڕزگارنابن.

بەڵكو لەو ڕۆژەدا مردن دەمرێت، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (إِذَا صَارَ أَهْلُ الجَنَّةِ إِلَى الجَنَّةِ، وَأَهْلُ النَّارِ إِلَى النَّارِ، جِيءَ بِالْمَوْتِ حَتَّى يُجْعَلَ بَيْنَ الجَنَّةِ وَالنَّارِ، ثُمَّ يُذْبَحُ، ثُمَّ يُنَادِي مُنَادٍ: يَا أَهْلَ الجَنَّةِ لاَ مَوْتَ، وَيَا أَهْلَ النَّارِ لاَ مَوْتَ، فَيَزْدَادُ أَهْلُ الجَنَّةِ فَرَحًا إِلَى فَرَحِهِمْ، وَيَزْدَادُ أَهْلُ النَّارِ حُزْنًا إِلَى حُزْنِهِمْ)([٣١]). واتە: كاتێك ئەهلی بەهەشت دەخرێنە بەهەشتەوە و ئەهلی ئاگریش دەخرێنە دۆزەخەوە، مردن دەهێنن هەتا لەنێوان بەهەشت و دۆزەخدا دایدەنێن و پاشان سەردەبڕدرێت، و پاشان بانگكەرێك بانگ دەكات و دەڵێت: ئەی

ئەهلی بەهەشت ئیتر مردن نەما و ئەی ئەهلی ئاگر ئیتر مردن نەما، جا بەهەشتیەکان خۆشی وشادیەکەیان زیاتر دەبێت و دۆزەخیەکانیش خەفەت و دڵتەنگیان زیاتر دەبێت.

## چی مرۆڤ رزگار دەکات لە سزای ئاگر؟

وەڵام: ئیمان و کردەوەی چاك وئیخلاص، لە فەرموودەدا هاتووە کە دەفەرموێت: (مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ أَنْ يَسْتَتِرَ مِنَ النَّارِ وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ، فَلْيَفْعَلْ)([٣٢]). واتە: هەرکەسێکتان کە دەتوانێت خۆی لە ئاگر بپارێزێت تەنانەت بەلەتە خورمایەکیش بێت ئەوا با بیکات.

وە هەروەها پارێزگاری کردن لەئیمان بە دوورکەوتنەوە لەو شتانەی هەڵی دەوەشێننەوە وبەتاڵی دەکەنەوە وهەمیشە تۆبەکردن لە تاوانە بچووك و گەورەکان وزۆر داوای لێخۆشبوون کردن ولەخواترسان وهەست کردن بە چاودێری ئەو لە تەنهایی وئاشکرادا و پەنا بەخواگرتن لە ئاگر بە وتنی: (اللَّهُم أجرنا مِن النارِ) {رَبَّنَا اصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ}[الفرقان:٦٥].

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (وَلَا اسْتَجَارَ رَجُلٌ مُسْلِمٌ اللهَ مِنَ النَّارِ ثَلَاثًا، إِلَّا قَالَتِ النَّارُ: اللهُمَّ أَجِرْهُ)([٣٣]). واتە: هیچ موسڵمانێك نییە کە سێ جار پەنا بەخوا بگرێت لە ئاگر ئیلا ئاگر دەڵێت: خوایە بیپارێزە لە ئاگر.

له ئەنەسەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (مَنْ سَأَلَ اللَّهَ الجَنَّةَ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ قَالَتِ الجَنَّةُ: اللَّهُمَّ أَدْخِلْهُ الجَنَّةَ، وَمَنْ اسْتَجَارَ مِنَ النَّارِ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ قَالَتِ النَّارُ: اللَّهُمَّ أَجِرْهُ مِنَ النَّارِ)([٣٤])، واته: ئەوەی سێ جار داوای بەهەشت له خوا بکات ئەوا بەهەشت دەڵێت: خوایە بیخەرە بەهەشتەوە، وە ئەوەشی سێ جار پەنا بەخوا بگرێت لە ئاگر ئەوا ئاگر دەڵێت: خوایە بیپارێزە لە ئاگر.

وە بەردەوام بڵێت: (اللهم إني أعوذ بك من النار).

وآخر دعوانا أن الحمد لله ربّ العالمين

========================

([١]) متفق عليه: رواه البخاري برقم (١٠٥٢)، واللفظ له، ومسلم برقم (٩٠٧).

([٢]) موطأ مالك برقم (٤٩).

([٣]) متفق عليه: رواه البخاري برقم (٦٦٦١)، ومسلم برقم (٢٨٤٨)، واللفظ له.

([٤]) صحيح مسلم برقم (٢٨٤٤).

([٥]) صحيح مسلم برقم (٢٨٤٢).

([٦]) صحيح مسلم برقم (٢٨٤٣).

([٧]) متفق عليه: رواه البخاري برقم (٣٢٦٠)، واللفظ له، ومسلم برقم (٦١٧).

([٨]) سنن الترمذي برقم (٢٥٩٧) وهو في صحيح الجامع برقم (٨١٠٣)

([٩]) سنن ابن ماجه برقم (٣٩٩٣).

([١٠]) سنن أبي داود برقم (٣٥٧٣).

([١١]) متفق عليه: رواه البخاري برقم (١٠٦)، وسلم برقم (١)، واللفظ له.

([١٢]) صحيح مسلم برقم (٩١).

([١٣]) سنن الترمذي برقم (٢٤٩٢).

([١٤]) صحيح مسلم برقم (٢١٢٨).

([١٥]) مسند أبو داود الطيالسي برقم (١٢٥٣)، وهو في صحيح الجامع برقم (٩٩٨).

([١٦]) صحيح مسلم برقم (٩٠٤).

([١٧]) صحيح سنن النسائي (٤١٣٩).

([١٨]) سنن ابن ماجه برقم (٢٥٤)، وابن حبان والبيهقي، وهو في صحيح الجامع برقم (٧٣٧٠).

([١٩]) متفق عليه: رواه البخاري برقم (٥٧٧٨)، ومسلم برقم (١٠٩)، واللفظ له.

([٢٠]) صحيح مسلم برقم (١٣٧).

([٢١]) حلية الأولياء لأبي نُعيم (١/ ٣١)، وهو في صحيح الجامع برقم (٤٥١٩).

([٢٢]) سنن أبي داود برقم (٣٥٩٧).

([٢٣]) مسند أحمد برقم (٨٤٣٠)، وهو في صحيح الجامع برقم (٨٠٥١).

([٢٤]) صحيح البخاري برقم (٧٠٩٨).

([٢٥]) متفق عليه: رواه البخاري برقم (٣٣٤٨)، واللفظ له، ومسلم برقم (٢٢٢).

([٢٦]) متفق عليه: رواه البخاري برقم (٣٠٤)، ومسلم برقم (٧٩).

([٢٧]) سنن الترمذي برقم (٢٥٨٥)، وهو في صحيح الجامع برقم (٥٢٥٠).

([٢٨]) صحيح ملم برقم (٢٨٠٧).

([٢٩]) سنن ابن ماجه برقم (٤٣٢٤)، وهو في صحيح الجامع برقم (٨٠٨٣).

([٣٠]) متفق عليه: رواه البخاري برقم (٦٥٦٢)، واللفظ له، ومسلم برقم (٢١٣).

([٣١]) متفق عليه: رواه البخاري برقم (٦٥٤٨)، ومسلم برقم (٢٨٥٠).

([٣٢]) صحيح مسلم برقم (١٠١٦).

([٣٣]) مسند أحمد برقم (١٢٤٣٩)، وهو في صحيح الجامع برقم (٥٦٣٠).

([٣٤]) سنن الترمذي برقم (٢٥٧٢)، وهو في صحيح الجامع برقم (٦٢٧٥).